


# کورتەیەک لە بارەی وەرگێڕانەوە

**هاوژین صلیوە**
**(زانکۆی کۆیە- کۆلێژی زمان)**



وەرگێڕان ئەو ئاوە پاک و سازگارەیە کە ناهێڵێت گۆمە مەند و وەستاوەکان بگەنێ و سەرلەنوێ نوێیان دەکاتەوە و ژیانی نوێیان بە بەردا دەکات. لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەتوانرێت خۆراکێکی نوێ بە مێشکی خوێنەران بدرێت و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان بکرێت و ڕەوتی ڕۆشنبیرییان زیاتر بەرەو پێشەوە ببرێت. هەموو ئەو گەلانەی پێشکەوتوون، تەنیا لە ڕێی بیر و بەهرەی خۆیانەوە نەگەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵاو بوون و وەرگێڕانی زۆر جۆرە کتێب و گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و زانیارییەکان توانیویانە شتێکی پێشکەوتووتر بخەنە کایەوە. هەموو ئەو گەلانەی پێش نەکەوتوون، ئەوانەن کە نەیانتوانیوە تێکەڵی جیهان بن و زادەی بیر و بەهرەی نەتەوەکانی تر هەڵبمژن و سوود لە پێشکەوتن و بیر و توانایی گەلانی تر وەربگرن.

مرۆڤ پێویستی بە وەرگێڕان هەیە، چونکە هەموو مرۆڤەکان بەیەک زمان نادوێن، بەڵکو بە چەندین زمانی جۆراوجۆر و جیاواز دەدوێن و دەنووسن، کەواتە وەرگێڕان باشترین ڕێگەیە بۆ لە یەکتر گەیشتن لەنێو زمانە جیاوازەکاندا.

هەر لە دێرزەمانەوە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی مرۆڤەکان، بەهۆی کاروانچی و بازرگان و تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان سەرەتا بەشێوەی دەمەتەقێ گرنگییان بە وەرگێڕان داوە، وەرگێڕ هەبووە چەند زمانێکی زانیوە و ئەم کارەی ئەنجام داوە، واتا مێژووی وەرگێڕان بە شێوەی سەرزارەکی مێژووەکەی کۆنە، بەڵام کۆنترین وەرگێڕانی نووسراو لە سۆمەرییەکانەوە بەجێ ماوە کە لە شێوەی فەرهەنگ دایە و چەند وشەیەک لەسەر پارچە قوڕی سۆرکراوە بە زمانی سۆمەری نووسراوەتەوە، لە بەرانبەریشیدا واتای وشەکان بەزمانی ئەکەدی نووسراونەتەوە. لە وڵاتی ئاشووریشدا شا سەرجۆنی ئەکەدی سێ هەزار ساڵ پێش زایین هەواڵی سەرکەوتنەکانی بە چەند زمانێک بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی میللەتە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی بزانن. گەلانی ڕۆژئاوا چەندین سەدەیە بەکاری وەرگێڕانەوە خەریکن. لەنێو گەلانی دەوروبەریش وەک (عەرەب، تورک، ئەرمەن، فارس) لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە جموجووڵی وەرگێڕانیان لە لا پەیدا بووە، لەنێو کوردیشدا کۆنترین وەرگێڕ کە (د. فەرهاد پیرباڵ) ئاماژەی بۆ کردووە (خانای قوبادی)یە ١٦٧٢- ١٧٥٤ کە خەسرەو و شیرینی نیزامی گەنجەوی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بەم شێوەیە لەناو میللەتی کوردیش بزووتنەوەی پاچەڤە کردن پەرەی سەند و لە سەدەی بیستەمدا بەرەوپێشەوە چوو. لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی (١٩٩١) وەرگێڕان زیاتر پەرەی سەند، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا، لە نەشونماکردن و پێشکەوتندایە.

زۆر جۆری وەرگێڕان هەیە، لەوانە وەرگێڕانی «وشە بە وشە، واتا بەواتا- ناوەرۆک و چەمک، بە گێڕانەوە، شیکردنەوە، کورتکردنەوە» چاکترین جۆری وەرگێڕان (واتا بەواتا)یە کە چەمک و ناوەرۆکی دەقەکە بخرێتە سەر ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێت، چونکە لە هەموو جۆرەکانی دی زیاتر دەستپاکی و ئەمانەتی زانستی تێدایە، وەرگێڕ بیرۆکەی دەقە بنەڕەتییەکە وەردەگرێت بێ ئەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی زمانە بنەڕەتییەکە وەربگرێت، پاشان بەپێی یاسا و دەستوور و پێکهاتەی ڕێزمانی دووەم دایدەڕێژێت، ئەم جۆرە وەرگێڕانەش باوە و بۆ خوێنەر بە سوودە، لەم جۆرەیاندا وەرگێڕانەکە ڕستە و مەفهوومە نەک وشە بە وشە.